



# (فەتاحی ئەمیری)ی هاوڕێم ماڵئاوایی لێ کردین

ئازاد عەبدولواحید

* ڕۆژی شەممە، دوا ڕۆژی پاییز، ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١٢/٢١، کوردستان بەگشتی، ڕۆژهەڵات بەتایبەتی نووسەرێکی گەورەی لە دەست دا. خاوەنی ڕۆمانەکانی: هاوارەبەرە، میرزا، زیندەخەو، خەون و خەیاڵ، گێژەڵووکە، بۆ هەمیشە و هەتا هەتایێ ماڵئاوایی لێ کردین. ئەو نووسەرە جگە لە ڕۆماننووسین، لە گۆڤاری (سروە)شدا لەگەڵ ڕەوانشادان: ئەحمەدی قازی و مارف ئاغایی و زۆر نووسەری دی، لە دەرکردنی ئەو گۆڤارە گرنگەدا بەشداربووە و وتاری بەناوی (سروەی ئازیز سڵاو!) بۆ نووسیون.

* فەتاحی ئەمیری پێش ئەوەی وەک (هونەری گێڕانەوە) جێدەستی لەسەر نووسەرانی ڕۆژهەڵات دابنێ، وەک نووسەرێکی زمانزان، هەر کەسێک ڕۆمانەکانی خوێندبێتەوە، لە ڕووی زمانەوە سوودی لێ وەرگرتووە و زۆر، یان کەم کەوتووەتە ژێر کاریگەری زمانەکەیەوە، ئەو بە شێوەزاری شیرینی موکریان دەینووسی و فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی وشە و واژەی کوردی لە نووسینەکانیدا دەبینرێ، بۆیە وەک نووسەرێکی زمان پاراو ناسرا و جێی خۆی کردەوە، توانیشی زۆر بەباشی ئەزموون و تاقیمانەی خۆی لە ڕێگەی ئەو زمانە ڕەوانەوە بگەیەنێتە خوێنەرەکانی و سەرنجیان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، نەک هەر ئەوەندە، بگرە شیرینیی زمانی ڕۆمانەکانی ئەو نووسەرەوە بوو کە خەڵکیی پتر ئاشنا و هۆگری خوێندنەوە کرد.



* فەتاحی ئەمیری ساڵی ١٩٤٦ز- ١٣٢٥ هەتاری لە گوندی (مەنیچێر)ی سەر بە شاری بۆکان لەدایک بووە، تا ڕۆژی خانەنشینبوونی لە دایرەی کارەبادا کاری کردووە. سەرەتا وەک یەکێک لە نووسەرە جواننووس و دیارەکانی ڕۆژهەڵات ناویم بیستبوو، لە سەرەتای دەرکردنی گۆڤاری (ڕامان)دا، لە ساڵی دووەمی بوو (١٩٩٧) هەردوو ڕۆمانی هاوارەبەرە- ١٩٩٠ و میرزا کە درێژەی هاوارەبەرەیە- ١٩٩٣، بەدەستی دۆستێکدا بۆ ناردم، کە خوێندمنەوە زمانەکەیان زۆر سەرنجیان ڕاکێشام، دواتر ڕۆمانەکانی زیندەخەو، گێژەڵووکە و (خەم و خەیاڵ)یان بەدوادااهاتن و لەچاپی دان.

* فەتاحی ئەمیری، جگە لەوەی نووسەرێکی هەڵکەوتووی بەهرەدار بوو، کەسێکی زۆر کوردپەروەریش بوو، قەت لە دانیشتن و قسە و گفتوگۆ لەگەڵی تێر نەدەبووی، پیاو حەزی دەکرد لە مەجلیسەکانی دانیشێ و گوێ لە گفتولفتی بگرێ، ئەوەندە مەجلیس ئارا و قسە خۆش بوو، کە قسەی دەکرد شێوەی قسەکردنی مام (هێمن)ی بەبیر دەهێنامەوە، دوایی زانیم خزمایەتییەکی نزیکی لەگەڵیدا هەیە.

* زۆر بەداخەوە لەو ماوەیەی دواییدا تووشی نەخۆشییەکی سەخت و دژوار هات، کە بەمەم زانی، بۆ سەردانیکردنی بەتایبەتی لە هەولێرەوە چوومە بۆکان، بەڵام کە چووم کەڵکی بینینی نەمابوو، کوڕەکانیشی کارێکی زۆر چاکیان کرد کە نەیان دەهێشت کەس بەو شێوە و حاڵەوە بیبینن، چونکە لەلایەک خۆی کەسی نەدەناسییەوە و لەلایەکی دیکەوە کەس پێی خۆش نەبوو ئەو پیاوە بۆشناخ و کەڵەگەت و قسەزان و ئاوەدانە بەو شێوەیە ببینێ، بۆیە لە چاکبوونەوەی نائومێد بووم و نەمبینی، بەڵام بۆ هەواڵپرسین و زانینی دۆخەکەی و وەک وەفایەک هەر دەبوو بچمە لای.

* فەتاحی ئەمیری کە هاوڕێیەکی نزیک و خۆشەویستم بوو، بۆ یەکەم جار کە لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە هاتنە ئەودیوەی ئێمەوە، من چوومە سەر مەرزەکەی حاجی ئۆمەران و پێشوازیم لێ کردن. مخابن هەواڵی کۆچی دوایی ئەو هاوڕێ نووسەرەم غەمباری کردم، کورد نووسەرێکی گەورە و لێهاتووی لە دەست دا کە خاوەنی خەیاڵێکی بە بۆێن و زمانێکی پڕ بەها و شیرین بوو، دڵنیام تا ئەدەبیاتی کوردی هەبێ شانازی بە نووسینەکانییەوە دەکات، منیش هاوڕێیەکی ئازیزم لە کیس چوو کە تا ماوم لە بیرم ناچێتەوە و یادی لەلام بە بەرزی و زیندوویی دەمێنێتەوە.